# چلۆ ڕیحان

---

سابیر صدیق

شنەیەک

بە ئەسپایی

بە نێو چنارەکانا گوزەر دەکا

من  لەوێم

لەگەڵ عاتیفەی (سەرچنار) دام

شەماڵێک

بە فیزەوە

سەر بەرزاییەکان دەگرێ

من لەوێم
لەژێر مانگە شەوی (قلیاسان) دام

ڕەشەبایەک

من چوزانم چەند نامەردە!

بەیانییەک

هەر هەمووتان تووڕە دەکات

من هەر لەوێم

بەلەشێکی داهێزراو و ڕوخسارێکی خەمۆکەوە

کەهێمان

خوومارى شەوم

لە (بنکەی گەلاوێژەوە)

ڕووەو شەقامى( پیرەمێرد ) هەڵدەکشێم

شەقام :

ئەمبەری

پڕە لە چرپە چرپی شەرمن

ئەوبەری

لە غەڵبە غەڵبی بێباک

ئەمبەری

پڕە لە پێچ و پەنا

بۆ گۆڕینەوەی نامە حەسرەتیەکان

ئەوبەری

پڕە لە سەکۆ

بۆ گۆرانی گووتن:

لە شەوانی سەرخۆشیا

لەمبەر...

قرچە قرچی دەمەقاچانی عەجوولی

بە  دەستی مناڵێکی چەتوونەوە

لەوبەر

تەقەتەقی گۆچانی تەمەڵێ

بەدەستی لەرزۆکی تۆبەیەکەوە

لەمبەر..

ژنێکی سۆزانی

جوانتر لە کەفی حەمام

لەسەر شان و ملێکی بڕۆنزی

بە عەبایەکی وورشە دارەوە تێدەپەڕێ

بۆنی کولێرەی گەرم و

کاڵەکی گەیووی لێدێ

لەوبەر

" ڕەحیمی نوکتەباز"

بەدەم گێڕانەوەی تازەترین نووکتەوە

بەمووکێشێ

هێندە کۆنە

کەس نازانێ لە کوێیبووە!

مووە سپیەکانی سمێڵی هەڵدەکێشێ

منیش لەوێم

لەبەردەم

دووکانەکەی" ئیسماعیل" دام

جگەرەیەکی دی پێدەکەم

تاشانم

بە داری زڕی چاوەڕوانییەوە سڕ دەبێ.

* * *

ئیسماعیل:

خۆشییەکە

مەگەر خوا بۆ خۆی بیزانێ!

لەزەتێکە میهرەبان

باریک و بنێس

چۆڕ چۆڕ گەزۆی بەرائەتی لێدەبارێ

بە بەدلەیەکی سپی و

قژە لوولە بۆیاخکراوەکەیەوە

ئەو کەسانەش ماچ دەکا

دڵی ئازار دەدەن و

دوکانەکەی پڕ دەکەن لە ڕق

* * *

شەرتێکەو ئەخلاقی

لەگەڵ بۆنی توتن و بارینی بەفرا کردوومە

شەرتێکەو ئەخلاقی

لەگەڵ شەربەتی مێووژو گەرمای هاوینا کردوومە

من هەر لە وێم

هەر لە وێم

هەر لە نهێنی شەقامەکە ڕادەمێنم

دەپەڕمەوە ئەوبەر

بە قومێ لەو ئاوانەی

لەسەریان نووسراوە *بۆ خێر*

تینوویەتی خۆم و مەراقم دەشکێنم

دێمەوە ئەمبەر

لە ناکاو

کەسێک دەڵێ:-

*ئەم کاتەت  باش*

دەڵێ ی چڵە ڕێحانەیە

مەراقم بۆی پێدهکە

سەرێک بۆ هەتاو هەڵدەبڕم

تەماشا

بریسکەی جارانی نەماوە

بەڵام..

من لە جاران پیر ترم

من لە جاران

کەمتر چاوم دەفڕێ

لە جاران زیاتر

دەسدەگرم بە دڵمەوە

بەڵام

بەدڵێکی شووشەیی و

بەرووخسارێکی پیرەوە

لەم تەنیاییەدا هاڵناکەم

من هەر لە وێم

کەشنەیەک

بەئەسپایی

بەنێو چنارەکانا گوزەر دەکا

کە شەماڵێک

بە فیزەوە

سەربەرزاییەکان دەگرێ

کە بارەشێ

من چووزانم چەند نامەردە؟

سپێدەیەک

هەر هەمووتان توورە دەکا

من هەر لە ویٚم

هەر لە ویٚم

هەر لە نهیٚنی شەقامەکە ڕادەمیٚنم

کەشەپۆلانیٚکە لە زەخرەفە

لەسەر بووردەی قووڵ قووڵ

لە ئیسماعیل

لە پەراویٚزی دانسقە

تادڵ لەویٚ

لە چاوەڕوانی کەسیٚکا دەشکیٚ

دەڵیٚ ی چڵە ڕیحانەیە

ڕقی لە جانتای سەفەرە

حەزی لە نەختیٚک سەمایە

من پیٚم وایە

کەجوانترین

چڵە ڕیحانەی دنیایە

---

بەهاری 2003 سوید